نەوژین

ژمارە (٤٠) نیسانی ٢٠٢٠

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات



ئەم ژمارەیەی (نەوژین) تایبەتە بە رومالّی کۆرۆنا

پیاوانی گەرمیان چۆن کەرەنتینەیان بردەسەر؟

3««



کچان لە کەرەنتینەش دا بەردەوامبون لە کارکردن

5««



ژنانی پزیشک و کارمەندی تەندروستی بەرِوی کۆرۆنادا دەوەستنەوە

6««

لە کەرەنتینەدا توندوتیژی دژ بە ژنان هەڵکشاوە

▪ نەوژین

بەپێی بەدواداچونەکانی (نەوژین) و بە پشت بەستن بە داتا فەرمیەکان، رێژەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لەماوەی کەرەنتینەی ماڵەوەدا لە سنوری گەرمیان، زیادیکردوە.

لە بەدواداچونێکی (نەوژین) دا کە لە لاپەڕە (٢) دا بڵاوکراوەتەوە، ئەوەخراوەتەڕو توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەز و بەتایبەت بەرامبەر بە ژنان، لەماوەی کەرەنتینەدا زیادی کردوە.

لەوبارەوە رائید (فریاد هیدایەت)، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: ئامارەکانی توندوتیژی بەگوێرەی مانگی شوبات کە پێش کەرەنتینەیە، کەمترە، چونکە پێشتر ئەگەر لە مانگێکدا ٥٠ پەڕاوی لێکۆڵینەوە هەبوایە، ئێستا ٣٠ پەڕاومان هەیە، واتە کەیسەکان بە رێژەی ٤٠٪ کەمیان کردوە.

ئەم کەمبونەوەیە لەکاتێکدایە کە مانگی ئادار بە کاریگەری رێکارەکانی خۆپاراستن لە کۆرۆنا بە گشتی پشوی فەرمیی بوە و هاوڵاتیانیش لە ماڵەکانیان دا ماونەتەوە، هەربۆیە بە رای ئەو وتەبێژە ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە توندوتیژیەکان زیادیان کردوە.

«لەچاو ئەو بەرنامەی خۆپارێزی و کەرەنتینە و دەرنەچونەی خەڵک لەماڵەوە، هێشتا ئەم رێژەیە زۆرە». وتەبێژی وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیان وای وت.

هاوکات چالاکوانێکی ژنان ئاماژە بەوەدەکات زۆربەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەم ماوەیەدا، هی ئەو خێزانانە بون کە پێشتریش کێشەیان هەبوە، بۆیە لەماوەی مانەوەیان دا لەماڵەوە دوبارە کێشەکان سەریان هەڵداوەتەوە.

لایخۆشیەوە شارەزایەکی کۆمەڵایەتی زیادبونی حاڵەتەکانی توندوتیژی گرێدەداتەوە بە دۆخی ئابورییەوە.

لەتیف حسێن، توێژەری کۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) وتی: بەهۆی کەرەنتینەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک بێکار بون و کارەکانیان لەدەستداوە، ئەمە بۆخۆی هۆکارێکە بۆ فشاری دەرونی، بەتایبەت پیاوان کە زۆر جار ئەمە بەتورەیی دەربرِین لە بەرامبەر خێزانەکانیان پیشان دەدەن.

تابلۆی شێوەکار: ئەڤین عومەر

پۆلیس: لە لێکۆڵینەوەی دۆسیەی گیان لەدەستدانی ژنەکەی ساڵح ئاغا بەردەوامین

▪ نەوژین

پۆلیسی گەرمیان رایدەگەیەنێت بەردەوامن لە لێکۆڵینەوە لە روداوی گیان لەدەستدانی ژنێک بە فیشەک لە گوندی (ساڵح ئاغا)ی سەر بە ناحیەی قۆرەتو و تائێستا یەکلا نەبوەتەوە بۆیان.

رۆژی (٢٠٢٠/٤/٦) و لەکاتێکدا هاوڵاتیان لە کەرەنتینەی ماڵەوەدا بون، هەواڵی گیان لەدەستدانی ژنێک لە گوندی ساڵح ئاغای سەر بە ناحیەی قۆرەتو لە گەرمیان بڵاوکرایەوە.

بەپێی راگەیەنراوی پۆلیسی گەرمیان، ئەو ژنە لەدایکبوی ساڵی ١٩٨٦ـە و هاوسەری هەیە و خاوەنی (٣) منالّە، بە وتەی هاوسەرەکەی، روداوەکە خۆکوژی بوە و بە فیشەک خۆی کوشتوە.

لەو بارەوە مقەدەم (عەلی جەمال)، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، بە رادیۆی دەنگی وت: پاش ئەنجامدانی توێکاری پزیشکیی بۆ ژنەکە لە کەلار، بە پێویستمان زانیی بۆ ئەنجامدانی توێکاری دیکە و بەدواداچونی زیاتر، تەرمەکەی بنێرین بۆ پەیمانگای دادوەری سلێمانی.

رونیشیکردەوە تائێستا یەکلا نەبوەتەوە کە ئایا روداوەکە خۆکوژی بوە یان کوشتن، هەربۆیە چاوەڕێ دەکەن لە رێگەی پزیشکی دادوەرییەوە بەڵگەی پێویستیان لەوبارەیەوە بەدەست بگات.

هاوکات هاوسەری ژنەکە بە فەرمانی دادوەر لەو دۆسیەیەدا راگیراوە و لێکۆڵینەوەکردنیش بەردەوامە.

دەمامک دروست دەکەن و بێبەرامبەر دەیبەخشن

7««

لەماوەی کەرەنتینەدا توندوتیژیە رەگەزییەکان هەڵکشاون

■ نەوژین، پەرژین کامەران

ئەو رێکارانەی کە بۆ روبەڕوبونەوەی کۆرۆنا گیراونەتەبەر بەتایبەتی کەرەنتینەی ماڵەوە، لەهەندێک باردا توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی زیاتر کردوە، بەوهۆیەشەوە کە ماتوچۆ قەدەغەکراوە، ئامارێکی دروست لەوبارەوە لەبەردەستدا نیە.

توندوتیژی خێزانی لە هەمو کات و ساتەکاندا بونی هەیە، لەگەڵ بڵاوبونەوەی پەتای کرۆنا و دەرکردنی بڕیاری کەرەنتینە و بە ماڵ نشینکردنی پیاوان، توندوتیژیە خێزانییەکان زیاتر هەست پێدەکرێت.

ئەو ژنانەی توندوتیژیان بەرامبەرکراوە، باس لەوەدەکەن کە هاوسەرەکانیان خراپتر لە جاران مامەڵەیان لەگەڵ کردون.

سارا، ٤٥ ساڵ، ناوی خوازراوی ژنێکە، بەگریانەوە بۆ (نەوژین) دوا و وتی: «مێردەکەم ئیهانەم دەکات و خراپە لەگەڵما، لەو کاتەوەی کەرەنتینە هەیە قسەی ناخۆشم پێ دەڵێت، هەڕەشەی جیابونەوەم لێدەکات، حاڵم زۆر زۆرخراپە بەدەستیەوە».

ژنانی دیکە باس لەوەدەکەن بەردەوام مانەوەی پیاوان لەماڵ دا، هۆکاری سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیە خێزانیەکانە.

بەناز، ٣٨ ساڵ، ناوی خوازراوی ژنێکی دیکەیە، وتی: «ئەم کەرەنتینەیە بوە هۆی ئەوەی کێشە خێزانییەکانمان سەرهەڵبداتەوە، بەردەوام شەڕمانە، هەمو ماڵەکەم لێبوە بە کۆرۆنا، دەست بۆ هەرشتێک ئەبەم ئەڵێت پیسە، ژیانم زۆر سەخت بوە بەدەستیەوە، هەندێکجار بیر لەخۆکوشتن ئەکەمەوە بەهۆی ئەو ئازار و خەفەتەی ئەیچێژم بەدەستیەوە، بەڵام لەبەر منداڵەکانم ناچار دانم بەخۆمدا گرتوە».

چالاکوانێک باس لەوەدەکات، حاڵەتەکانی توندوتیژی سەردەمی کۆرۆنا، زیاتر لەناو ئەو خێزانانەدا هەیە کە پێشتر کێشەیان هەبوە.

> زۆربەی توندوتیژیەکان لەو خێزانانەدا بو کە پێشتر کێشەیان هەبو

لەیلاعەبدوڵڵا، بەرپرس لە یەکێتی ژنان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: زۆربەی ئەو ژنانەی پەیوەندیمان پێوە دەکەن، ئەو خێزانانەن کە پێشتر ناخۆشی و توندوتیژی تیایاندا هەبوە، بە لەماڵەوەبونی پیاوان کێشەکانیان سەری هەڵداوەتە، چونکە بەهۆی ئەو کاتە زۆرەی لەماڵەوەن بەریەککەوتنی زیاتر رودەدات.

ئەو چالاکوانە تێبینی ئەوەشی خستەڕو کە بەشێکی بەرچاوی ئەو خێزانانەی کێشە و توندوتیژیان هەبوە لەم ماوەیە و پەیوەندیان پێیانەوە کردوە، ئەوانە بون کە باری مادیان خراپ بوە.

یاساناسێک باس لەوەدەکات کاریگەرییە خراپەکانی ئەم بارودۆخە، دوای کۆتایی هاتنی کەرەنتینەی ماڵەوە و کردنەوەی دەزگا فەرمیەکان، زیاتر دەردەکەوێت.

شۆخان حەمەڕەشید، راوێژکاری یاسایی، وتی: لەدوای تەواوبونی ئەم بارودۆخە، بۆمان دەردەکەوێت کە کێشە خێزانییەکان چەند زۆرە و حاڵەتی جیابونەوە رو لە زیادبون دەبێت.

ئەگەرچی هەمو ئەوانەی دواندمان جەخت لە زیادبون یان بەردەوامی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەنەوە، بەڵام بەپێی ئامارە فەرمیەکان، رێژەی توندوتیژی تۆمارکراو کەمترە، کە بە رای بەرپرسێک، خودی ئەم ئامارە بەڵگەیە لەسەر زۆری توندوتیژیەکان.

رائید: فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: ئامارەکانی توندوتیژی بەگوێرەی مانگی شوبات کە پێش کەرەنتینەیە، کەمترە، چونکە پێشتر ئەگەر لە مانگێکدا ٥٠ پەڕاوی لێکۆڵینەوە هەبوایە، ئێستا ٣٠ پەڕاومان هەیە، واتە کەیسەکان بە رێژەی ٤٠٪ کەمیان کردوە.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەو وتەبێژە پێیوایە هێشتا رێژەکە بەرزە «لەچاو ئەو بەرنامەی خۆپارێزی و کەرەنتینە و دەرنەچونەی خەڵک لەماڵەوە، هێشتا ئەم رێژەیە زۆرە».

بەڕێوبەرایەتی ناوبراو، بەهۆی راگیرانی دەوامی فەرمیەوە، تەنها ئەو کەیسانە وەردەگرێت کە بە «گەرم» ناسراون و دۆسیەی مەترسیدارن، ئەمەش وایکردوە زۆرجار لەرێگەی هێڵەکانی پەیوەندیەوە کەیسی ژنانی توندوتیژی بەرامبەرکراو وەربگیرێت.

ڤیان سابر، رێکخەری کارەکانی رێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان لەگەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: رێکخراوەکەمان هێڵی گەرمی پەیوەندی لە ناوچە جیاوازەکان تەرخانکردوە بۆ پاڵپشتی دەرونی و یاسایی و کۆمەڵایەتی ژنان، لەو ماوەیەشدا چەند ژنێک کە توندوتیژیان بەرامبەرکراوە پەیوەندیان پێوە کردوین.

شارەزایانی بوارە کۆمەڵگەییەکان، باس لەوەدەکەن رەوشی کەرەنتینە و بەتایبەتی لێکەوتە ئابورییەکانی، رۆڵی هەیە لە زیادبونی حاڵەتی توندوتیژی رەگەزی.

لەتیف حسێن، توێژەری کۆمەڵایەتی، بۆ (نەوژین) وتی: بەهۆی کەرەنتینەوە ژمارەیەکی زۆر خەڵک بێکار بون، ئەمە بۆخۆی هۆکارێکە بۆ فشاری دەرونی، بەتایبەت پیاوان کە زۆر جار ئەمە بەتوڕەیی دەربڕین لە بەرامبەر خێزانەکانیان پیشان دەدەن.

وتیشی: هۆکارێکی دیکە ترس لە خودی ئەم نەخۆشییەیە کە ئێستا بەرۆکی هەموانی گرتوە، وایکردوە ئارامی دەرون تێکبدات و پەنا بۆ توڕەیی دەبرێت، ئەم توڕەییەش بەسەر ژن و منداڵ دا دەشکێتەوە.

ئەو توێژەرە جەختیش دەکاتەوە لەوەی پێویستە خێزانەکان دان بەخۆیاندا بگرن، وتی: «دەبێت زمانێکی تر بدۆزنەوە و گفتوگۆی پێبکەن لەبری توندوتیژی، ئەمە ئەو رێگایەیە کە ژن و پیاو دەتوانن لەم بارودۆخەدا سودی لێ ببینن».

ژنانی گەرمیان چۆن خۆیان لە کۆرۆنا پاراست؟

■ نەوژین، زریان محەمەد

لە بەدواداچومێکی (نەوژین) دا، ژنانی گەرمیان ئاماژە بەو رێکارانە دەدەن کە بۆ خۆپارێزیی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا گرتویانەتەبەر، بەتایبەتی لە ماڵەکانیان دا، باس لەوەدەکەن زیاتر لە جاران گرنگییان بەم لایەنە داوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و زیادبونی مەترسیەکانی، بۆ روبەڕوبونەوەی، یەکێک لە کاراترین ریگاچارەکان، خۆپارێزیی و پابەندبون بو بە رێنمایە تەندروستیەکان.

ژنان بەوپێیەی زۆرینەی کاروباری ماڵەوە رادەپەڕێنن، باس لەو رێکارانە دەکەن کە لەم روەوە گرتویانەتە بەر.

شادی حەیدەر، ٢١ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلار و ژنی ماڵەوەیە، لە بارەی رێکارە خۆپارێزییەکان بۆ روبەڕوبونەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «لەگەڵ سەرهەڵدانی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان خۆمانمان کەرەنتینە کرد و بۆ شتێکی پێویستی نەبوایە لە ماڵ نەدەرۆشتمە دەرەوە».

باسی لەوەشکرد: بە بەردەوامی دەستشتن و پاکڕاگرتنی ماڵ و بەکارهێنانی مادە پاککەرەوەکان (معقم) ئەنجام دەدەم.

ژنان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، جگە لە کاری پاکڕاگرتنی خود و ماڵەوە، ئەرکێکی تریان ئاگاداربونی منداڵەکانیان بوە لەوەی بە باشیی پاکوخاوێنی خۆیان رابگرن.

میدیا فەرحان، ٣٨ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلار و ژنی ماڵەوە، ئاماژەی بەوەکرد: «یەکێک لەو رێنمایانەی کە جێبەجێم کردوە ئەوەیە کە بە بەردەوامی دەستەکانمان دەشۆین و منداڵەکانیشم فێرکردوە کە پێویستە دەستیان بشۆن، هەروەها ماڵیش بە بەردەوامی تەعقیم دەکەم بە مادە پاککەرەوەکانی وەک دیتۆڵ».

هێمای بۆ ئەوەش کرد: لە کاتی چونە دەرەوەمان دەمامک بۆ خۆم و منداڵەکانیشم بەکاردەهێنم و تێکەڵ بە قەرەباڵغی نابین و بە تەواوی پابەندی رێنماییەکانین.

یەکێک لە رێنمایە خۆپارێزیەکان بۆ روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەوەیە کە سەردان کردن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کەم بکرێتەوە و بەریەککەوتن رونەدات، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ژنان تاچەند پابەندبون بە رێنماییەکان و سەردان کردن و بەریەککەوتنیان کەم کردوەتەوە؟

> بەریەککەوتن و دەست لە ملکردنم نەهێشتوە

حەپسە محەمەد، ٥٠ ساڵ، دانیشتوی شاری کەلار و ژنی ماڵەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: بۆ ئەوەی زیاتر خۆم بپارێزم پابەندی رێنماییە تەندروستیەکان بوم و خۆم کەرەنتینە کرد لە ماڵەوە و سەردانی هیچ کەسێکم نەکردوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: بەریەککەوتن و ماچکردن و دەست لە ملکردنم هەموی نەهێشتوە، لەگەڵ ئەوەش دەمامک بەکاردەهێنم.

پیاوان سەربوردەی خۆیان لە کەرەنتینەی ماڵەوە دەگێڕنەوە

بەهۆی قەدەغەکردنی هاتوچۆوە، پەنام بۆ گوند بردوە

لە کەرەنتینەوە تێدەگەیت ژن حەوت پەراسوی لەپیاو زیاترە

■ نەوژین، شۆخان حەمەساڵح

رەنگە بژاردەی ئەوەی بەردەوام لەماڵەوە بێت و بۆی نەبێت بچێتە دەرەوە و سەرکار، بەلای (شەهاب) ەوە بژاردەیەکی دور و بیرلێنەکراوە بوبێت، هەتا ئەوەی بە کاریگەریی رێکارەکانی کۆرۆناوە ئەو واقیعە بەدییهات و سەرو مانگێک ئەو ژیانەی ئەزمون کرد.

مانەوەی پیاوان لە ماڵدا، یەکێک بون لە دیارترین ئەو بابەتانەی کە لە کاتی کەرەنتینەی ماڵەوەدا ببوە جێی باسوخواس، هەندێک بە بێزاریەکی زۆرەوە باسی لێوەدەکەن، هەندێکی تریشیان بە ئەزمونێکی جیاواز و بەسودی دەزانن.

هێمن کەریم، نوسەر، رایوایە پیاوانی ئێمە دەرەکین، بەو مانایەی هەمیشە ماڵیان بۆحەوانەوە بینیوە «پیاو لەماڵدا نەیتوانیوە تێبگات کە مناڵەکەی چی دەکات و چی دەوێت».

دەشڵێت: پیاومان هەیە وەک شکۆ بە سنگ دەرپەڕاندنەوە باسی ئەوەی کردوە کە «کەی بیەوێت دێتەدەر و کەی بیەوێت دەڕواتەوە».

ئەم دۆخە وایکردوە پیاوان نەزانن کاتەکانی خۆیان لەکاتی مانەوەیان لەماڵەوە بە دروستی بەکار بێنن و هەندێکجار کارێلێکیان ئەنجامداوە تەنها بۆ خۆسەرقاڵکردن.

شەهاب سەعید، باس لەوەدەکات لەماوەی مانەوەی دا لە ماڵەوە بەزۆری خۆی بە فەیسبوک و سۆشیال میدیاوە سەرقاڵ کردوە، لەگەڵ هەندێک کار کە خۆی بە «وردە ئیش» ناوی بردن.

بەلام رەنگە کێشەکە هەر مانەوە لەماڵەوە نەبێت، بە قەدەر ئەوەی ئەم مانەوەیە لێکەوتەی تری هەبوە لەسەر پیاوان بەتایبەتی لە روی ئابورییەوە و وایکردوە کاریگەریی لەسەریان زیاتر بێت.

هۆشمەند عەلی، باس لەوە دەکات جێگیر نەبونی باری دارایی کەسەکان بەتایبەت ئەوانەی بێکار بوبون، کێشەی بۆ زۆرێک لە ماڵەکان خوڵقاندوە.

بەشێک لە پیاوان، لەماوەی مانەوەیاندا گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکانیان و لەوێ «کەرەنتینەیان» گوزەراندوە.

محەمەد حامید، وتی: «بەهۆی قەدەغەکردنی هاتوچۆوە، پەنام بۆ گوند بردوە، چەند رۆژێک لەوێ بوم و هاتمەوە».

ئەگەر کەسانێک هەبن جاڕس بوبن لە مانەوە لە ماڵەوەدا، ئەوا کەسانی دیکە هەن کە بە هۆکارێک بۆ لێکتر نزیکبونەوەی خێزانەکانی دەزانن.

هێمن کەریم، دەڵێت: ئەم ماوەیەی لە ماڵەوەبون سودێکی زۆر دەبەخشێت بۆ تێگەیشتن لەبونیەتی ژیان و تێگەیشتن لەخودی ژن.

پێیشوایە پیاو لەو رێگەیەوە ئاشنا دەبێت بەو رۆڵە زۆرەی کە ژنان لە ماڵ و خێزانەکانیدا دەیگێڕن «تێدەگەیت لەوەی بەڵی ژن حەوت پەراسوی لەپیاو زیاترە».

ئامانج محەمەد، هاوڕای (هێمن)ە و پێیوایە ئەم ماوەیە پشویەکی باش بوە. وتی: «ماڵ زۆرخۆشە، هەم لەڕوی دەرونیەوە هەمیش لەڕوی جەستەییەوە ئیسراحەتێکمان وەرگرت».

هەندێک لە پیاوان باس لەوەدەکەن مانەوەیان لەماڵەوە هاوکاریان بوە بۆ ئەوەی ئەو کارانەی کە پێی ئاشنا نەبون یان لێی دابڕاون، دەست بە ئەنجامدانی بکەنەوە.

(شەهاب) باس لەوەدەکات کە زۆرجار چێشتی دروستکردوە، ئەمەش پێشتر پێی رانەهاتوە. (هێمن)یش باس لەوەدەکات دەرفەت بوە بۆ خوێندنەوە، (هۆشەنگ)یش بەکاتێکی گونجاوی زانیوە بۆ ئەنجامدانی هەندێک کاروباری ناوماڵ و رێکخستنەوەیان.

لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی بۆچونی پیاوان لەسەر ئەوەن کە ئەم مانەوەیە لەماڵ گۆڕانکاری تێدا دروستکردون و وایلێکردون بە بۆچون و قەناعەتەکانیان دا بچنەوە.

هێمن کەریم، لەوبارەوە دەڵێت: «ئەوەی لەمندا گۆڕاوە شتێکە کەنامەوێت وەک جاران بژیم و ئیدی سروشتیم و هیچ شتێک ناتوانێت زۆر لام گرنگ پیشانبدرێت».

کۆرۆنا ترس و تۆقینی لەناو ژنان زیاتر کردوە

■ نەوژین، هاوژین مەهدی

«هەمو شتێک لەبەرچاوم بوە بە کۆرۆنا، لەو کاتەی کۆرۆنا بڵاوبۆتەوە تەنانەت دەستم ناچێتە خوێندنیش». (سارا)ی تەمەن (١٩) ساڵ، بە نیگەرانیەوە وای دەوت.

ئەو دۆخەی ئەم کچە فێرخوازە تێی کەوتوە، روبەڕوی زۆرێک لە ژنان بوەتەوە بەشێوەی جیاواز. بە رادەیەک ژنان باس لەوەدەکەن کە مەترسی توشبون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ترس و تۆقین و دڵەڕاوکێکانیانی زیاتر کردوە.

ژنان باس لەوەدەکەن، لەپاش سەرهەڵدانی ئەم پەتایەوە، زۆر شت تیایاندا گۆڕاوە.

شاناز رەحیم، ژنی ماڵەوەیە و خاوەنی دو مناڵە. بۆ (نەوژین) باس لە بەسەربردنی کاتی کەرەنتینە دەکات «هیچ وەکو پێشوتر نیم، زۆر زیاتر عەمەلی بوم و هەمو شتێک پاکژ (تعقیم) دەکەم، تەنانەت ئەو خواردن و میوانەش کە دەیانکڕم کیسەکانیشیان تەعقیم دەکەم».

ئەو باس لەوەشدەکات کە هەمو شتێک لە پێش چاوی بوەتە کۆرۆنا، ئەمەش بەتایبەتی لە رۆژە سەرەتاییەکانی کەرەنتینەدا لەلای زیاتر بوە.

ئەم دۆخەی کە (شاناز) تێیکەوتوە، بە رای پسپۆڕێکی دەرونی، حاڵەتێکی ئاساییە.

د.پگاە عەلی مەردان، مامۆستا لەبەشی دەروناسی زانکۆی گەرمیان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «حاڵەتی ئێستا کە مەترسی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا هەیە و رێکاری زۆریش گیراوەتەبەر، ترس و دڵەڕاوکێ و تێکچونی خەو و خواردن تارادەیەک ئاساییە، بەڵام لە سنورێکی دیارییکراو».

ئەو پسپۆڕەی دەرونناسی باس لەوەش دەکات ئەگەر ترسەکە زۆربێت و کەسەکە بەردەوام بیر لە مردن بکاتەوە و نیشانە جەستەییەکانی لێدەربکەوێت، ئەوا پێویستە سەردانی پزیشکی دەرونی بکات.

ئەم دۆخە دەرونیە، تایبەت نیە بە تەمەنێکی دیاریکراو، بەڵکو ژنانی لە هەمو ئاست و تەمەنێکدا گرتوەتەوە.

سارا رەمەزان، خوێندکاری پەیمانگا، باس لەوە دەکات کە بەهۆی مەترسیەکانی پەتای کۆرۆناوە، تەنانەت دەستیشی ناچێتە خوێندن.



وتی: «لەدوای بڵاوبونەوەی کۆرۆنا دەستم ناچێتە خوێندن، لەدوای بڵاوبونەوەی توشبونی نوێش ئەم ترسەم زیاد دەکات، هەمیشە بیرلەوەدەکەمەوە خوێندنی ئەمساڵم بەگوێ دەگات؟».

لەبەرامبەردا توێژەرێکی دەرونی، جەخت لەو کاریگەرییانە دەکاتەوە کە ئەم پەتایە بەسەر کۆی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش بەسەر فێرخوازانەوە هەیبوە.

محەمەد نەجیب، بۆ (نەوژین) وتی: «بیگومان ترس لەم ڤایرۆسە کاریگەری زۆری لەسەر دەرونی فێرخوازان هەبوە، بەڵام پێویستە دوربکەونەوە لە هەواڵەکان و پلانێکی رۆژانە دابنێن و کاتەکانی خەو و خواردن و خوێندن و کاتبەسەربردن دیاری بکەن، هەروەها دایکان و باوکانیش پێویستە کەشێکی ئارام و دور لەم باسانە بۆ مناڵەکانیان دابین بکەن».

(سارا) زیاتر لەوە دەترسێت کە کەسانی نزیک و خزم و ئازیزانی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەدەست بدات. هەروەک (شاناز)یش لەوە دەترسێت کە مناڵەکانی بەرگریان لاوازە و نەوەک نەخۆشیەکە بگرن بەرگەی نەگرن.

لەبەرامبەردا (د. پگاە عەلی)، ئاماژە بەوەدەکات کە پێویستە ژنان دان بەخۆیاندا بگرن و لێنەگەڕێن ترس بەسەریاندا زاڵ بێت.

لەوروەوە رێنمایی بە ژنان دەدات کە بە زۆریی بەدواداچون بۆ هەمو هەواڵ و زانیارییەکان نەکەن بەشێوەیەک ترس و تۆقینیان تێدا بچێنێت، وەکخۆی وتی: «پێویست ناکات هەمیشە چاویان لەسەر کەناڵەکان بێت».

سەرباری قەدەغەی هاتوچۆ هاوکاری خێزانە کەمدرامەتەکانیان دەکرد

«لە هەڵمەتە خێرخوازیەکان دا ژنان دەستپێشخەربون»

■ نەوژین، پەرژین کامەران

کەرەنتینەی ماڵەوە و ئەو بارودۆخە دەرونیەی بەوهۆیەوە هاتە ئاراوە، ژنانی دانەبڕی لە هاوکاریکردنی ئەو خێزانانەی پێویستیان بە کۆمەک و هاوکارییە، بەڵکو بەشێکی بەرچاویان لەرێگەی پرۆژە و کار و هەڵمەتی جیاوازەوە، رۆڵی بەرچاویان گێڕا لە هاوکاریکردنی خێزانە کەمدرامەتەکان.

بەکاریگەری ئەو دۆخەی بەهۆی کۆرۆناوە هاتە ئاراوە، زۆر خێزان لە سەرچاوەی بژێویی و دارایی بێبەش بون، ئەمەش هانی ژمارەیەک چالاکوان و خێرخوازی دا، هەڵمەتی جیاواز ئەنجام بدەن.

لەنێو ئەو چالاکوانانەدا، ژنان رۆڵی دیار و بەرچاویان هەبوە، ئەوان باس لەوەدەکەن سەرباری ئاستەنگەکان، بەڵام دڵخۆشن بەوەی توانیویانە هاوکاری پێویست بە کەمدرامەتان بگەیەنن.

هێشو فەتاح، یەکێکە لەو ژنانەی سەرپەرشتی گروپێکی خێرخوازی دەکات، لە رێگەی خۆی و ژنە هاوکارەکانیەوە، دەستی کردوە بەکارە خێرخوازییەکانی.

بۆ (نەوژین) دوا و وتی: «بەهۆی گروپێکی تایبەت بە ژنان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکەوە، پەیوەندییەکی بەردەوامم لەگەڵ خانمان هەیە، ماوەی چوارساڵە ئەم کارە دەکەم، هەمیشە خانمان پشتگیرییان کردوم».

ئاماژە بەوەش دەکات هەرچەندە زۆرینەی ئەو ژنانەی کۆمەکی دەکەن خاوەنی گیرفانی خۆیان نین، بەڵام لەوبەشە پارەیەی کە پێیان دەدرێت بۆ پێداویستیەکانی خۆیان، گرتویانەتەوە و هاوکاری ئەویان کردوە بۆ کارە خێرخوازیەکانی.

ئەگەرچی هاتوچۆ و دەرچون لەم ماوەیەی کەرەنتینەدا قەدەغە و سنوردار بو، بەڵام ئەوەی ئاسانکاریی بۆ ژنانی چالاکوان کردوە، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە، کە لەو رێگەیەوە توانیویانە هەڵمەتەکانیان هەڵبسورێنن.

پ.ا، یەکێکی ترە لەو ژنانەی کاری خێرخوازی دەکات. دەڵێت: «ئەو پۆستانەی لە رێگەی سۆسیال میدیاوە دەکرێت، کاریگەری هەبوە لەسەر بەخشینی ژنان و گەیاندنی هاوکارییەکانیان بە ئێمە».

ئەنجامدەر و هەڵسورێنەرانی هەڵمەتەکانی کۆمەککردنی کەسانی کەمدرامەت، رێژەی بەشداری ژنان بە گرنگ دەزانن.

«ئەو ژنانەی ئەبەخشن ژمارەیان ئێجگار زۆرە، سەرچاوەی هاوکارییەکانی ئێمەش پشتی بەوان بەستوە کە خێری خۆیان بە ئێمە ئەبەخشن و ئێمەش دەیگەیەنینە کەسانی کەمدرامەت».

(پ.ا) وای وت.

(هێشو فەتاح)یش باس لەوەدەکات ژمارەی ئەو ژنانەی کۆمەکی هەڵمەتە خێرخوازیەکان دەکەن، زۆرە «بەتەنها ژنان هاوکارییان کردوم و متمانەی ئەوەیان بە من بەخشیوە، بە بێ ئەوەی بیانناسم هاوکارییەکانیان دەگەیەنن».

بڵاوبونەوەی پەتای کرۆنا ژیانی کۆمەڵگەی گۆڕی، ئەم گۆڕانکاریەش بەتایبەتی مانەوە لەماڵەوە، زیانەکەی بەزۆری بۆ ئەو توێژە بو کە بە هەژار و کەمدەست ناودەبرێن و پاروی نانیان لەسەر کاری رۆژانەیە. ژنانی ژیاندۆست لە رێگەی هەڵمەتە خێرخوازییەکانیان، خەمی ئەم توێژەیان لە کۆڵنا.

پ.ا، لەوبارەوە دەڵێت: «ژنان و پیاوان پەیوەندیمان پێوە دەکەن هاوکارییان بکەین، توانای ئەوەیان لێ رابینیوین کە پێداویستیەکانیان دابین بکەین، خۆشبەختانە توانیومانە بە پێداویستی خۆراک و پێدانی کرێ خانو، هاوکارییان بکەین».

هێشو فەتاح، ئاماژە بەوەدەکات توانیویانە لەم ماوەیەدا هاوکاری (٢٠٠) خێزان بکەن، بە دابینکردنی پێداویستی خۆراک و منالان و دەرمانی نەخۆشانی درێژخایەن و کرێ خانو.

دەشڵێت: ئامانجی کارە خێرخوازییەکانی ئێمە هاوکاریکرنی کەسانی کەمدەرامەتە، بەتایبەتی لەم بارودۆخە دا کەهیچ رێگەچارەیەک نیە بۆ پەیداکردنی سادەترین سەرچاوەی بژێوییان.

جگە لەو ژنانەی لە رێگەی گروپ و هاوکاری کەسانی ترەوە کاری خێرخوازی دەکەن، ژنانێک هەن بەتەنیا و لە رێگەی داهاتی کاری دەستییەوە، پرۆژەی خێرخوازی ئەنجام دەدەن.

خەڵات محەمەد، یەکێکە لەو ژنانە و بۆ (نەوژین) باسی کارەکەی بەمشێوەیە دەکات: «لەرێگەی داهاتی کارەکەمەوە چەندین ژنم خستوەتەسەر کار، لەم بارودۆخەشدا زۆرترین ئەو جلانەی هەڵم گرتبون، بە نیوە نرخ فرۆشتەوە، داهاتەکەیم تەرخانکرد بۆ هاوکاری و کڕینی پێداویستی خۆراکی ئەو خێزانانەی پێویستیان بو».

ئەگەر ئەم ژنانە وەکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بە ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتانە هەستابن، ئەوا بە رای چالاکوانێک، دەرخەری ئەو رۆڵەیە کە ژنان لە هەمو بوارەکاندا دەیگێڕن.

دڵسۆز زەنگەنە، چالاکی کۆمەڵی مەدەنی، بۆ (نەوژین) وتی: «ژنان لە هەمو بارودۆخەکاندا کە روبەڕوی کۆمەڵگا دەبێتەوە، رۆڵی سەرەکییان هەبوە، بەتایبەتی لەم دۆخانەدا لە رێگەی کاری خێرخوازیەوە دەستپێشخەر بون».

کەرەنتینە تەندروستیی ژنانی پاراست و دەرونی ئازار دان

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

سەرباری ئەو سودە تەندروستیەی کە لە کەرەنتینەوە بەر هەمو تاکەکان و لەنێویشی دا ژنان کەوت، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ژنان باس لەوەدەکەن کەرەنتینە و دۆخەکە بەگشتی، فشاری دەرونی زۆری لەسەر دروستکردبون.

پاش ئەوەی بە کاریگەریی رێکارەکانی خۆپارێزیی لە کۆرۆنا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک هاوڵاتیان لە ماڵەوە مانەوە، دەرفەتی دەرچون و گەڕان و بەسەرکردنەوە زۆر کەمیکرد، ئەمەش وایکرد فشارێکی زۆر بکەوێتە سەر دەرونی هاوڵاتیان.

ژنان باس لەوەدەکەن دۆخەکە بەگشتی مەترسیدار و ئاڵۆز بوە، مانەوەش بە ناچاری لەماڵەوە، فشارەکانی لەسەر قورس کردون.

روخۆش حەسەن، ٥٩ ساڵ، دانیشتوی کەلار، باس لەو بارودۆخە دەکات کە بەهۆی کۆرۆناوە چەشتویەتی.

ئەو بەوهۆیەی نەخۆشی درێژخایەنی هەیە، ئاماژەی بەوەکرد مانەوەی لەماڵەوە هێندەی تر دەرونی ئاڵۆز کردوە و نارەحەتی کردوە.

وتی: واملێهاتبو بەناچاری و بە بەردەوام بە دیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشتم، گوێم بۆ زانیاری و هەواڵ لەبارەی نەخۆشیەکەوە رادەخست، ئەمەش دەرونمی هیلاک کردبو.

هاوناز، کچی (رۆخۆش)ـە، ئاماژە بەوەدەکات کە لەو دۆخەدا ئەوان بە قەدەر ئەوەی لە خەمی دایکیان دا بون، کەمتر لە خەمی خۆیان بون، ئەمەش بۆ ئەوان دۆخێکی زۆر نارەحەت بوە.

هەندێک لە ژنان بەوهۆیەی کەسوکارەکانیان لە شارێکی دیکەیە و بەکاریگەری قەدەغەکردنی هاتوچۆ رێگەی دیتنیان نەدەدرا، بۆیە هەستیان بە خەمباریی و نارەحەتی کردوە.

ئاواز ئازاد، ٣٠ ساڵ، دانیشتوی کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: کەسوکارەکەم لە شارێکی تر دەژین، منیش لە کەلارم، بەهۆی ئەوەی هاتوچۆکردن قەدەغە کرابو، بۆیە زۆر بیریانم دەکرد و ئەمەش توشی شڵەژانێکی زۆری کردبوم، بەشێوەیەک خەونم بەوەوە دەبینی دوبارە بتوانم خێزانەکەم ببینمەوە.

ئەگەرچی دۆخەکە بۆ هەمو تاکەکان و بەتایبەت ژنان قورس بوە، بەڵام وەکخۆیان باسی لێوەدەکەن، بەوهۆیەی سودی خۆیانی تێدابوە، توانیویانە پێیراببێن.

نەرمین عەلی، ٣٠ ساڵ، دانیشتوی کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: سەرەتا زۆر شڵەژابوم و توشی قەلەقی هاتبوم کە لەماڵەوە بوم، بەڵام بەپێی کات خۆمم بە خوێندنەوەی کتێب سەرقاڵ کرد، تا واملێهات دۆخەکە ئاسایی بویەوە بەلامەوە.

ئەم کارەی کە (نەرمین) کردویەتی، یەکێکە لەو رێگایانەی کە بە رای توێژەرێک، رۆڵی زۆرە بۆ جێگیربونی دۆخی دەرونی ژنان.

پرشنگ ئەحمەد، توێژەری دەرونی، باس لەوەدەکات ئەم دۆخە کاریگەری دروستکردوە لەسەر دەرونی ژنان، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی کە پێشتر دەوام و چونە دەرەوەیان هەبوە، یاخود سەردانی کەسوکاریان کردوە، بەڵام ئەم ماوەیەی کە لە ماڵەوە بون و بواری چونە دەرەوەیان نەبوە، بێگومان هەستی بێتاقەتی و بێزاریان تێدا دروست بوە.

(پرشنگ) بۆ (نەوژین) وتیشی: ئەگەر ژنان خۆیان سەرقاڵ بکەن و هەوڵبدەن هەندێک چالاکی بەسود ئەنجام بدەن وەک: وەرزشکردن، خوێندنەوە، ئیشی دەستی و ...هتد، یاخود ئەو چالاکیانەی کە حەز و خولیایان هەیە لەگەڵیاندا، ئەوا کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەریی دۆخەکەوە و وادەکات بەسەریدا زاڵ بن.

تابلۆی شێوەکار: رەمزیە حەسەن

کچان لە کەرەنتینەش دا بەردەوامبون لە کارکردن

> ئیشەکەمان قورس بو، چونکە بەریەککەوتنی زۆرمان هەبو

> خۆشحاڵین لە ڕێگەی کارکردنیەوە هاوکاری هاوڵاتیانمان کردوە

▪ نەوژین، زریان محەمەد

بەدرێژایی ڕۆژانی کەرەنتینەی ماڵەوە، (هۆزان) بەردەوام بو لە کارکردن، ئەگەرچی بەهۆی بەرکەوتنیانەوە لەگەڵ هاوڵاتیان، مەترسی گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایان بۆ هەبوە.

بەمەبەستی روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کۆمەڵێک ڕێکاری ئیداری و تەندروستی گیرایە بەر، لەنێویدا داخستنی دوکان و شوێنکارەکان، بەڵام هەندێک لە مارکێت و بازاڕەکان بە کراوەیی هێڵرانەوە، لەنێویشیاندا ژمارەیەک لە کچانی کارمەند، بەردەوام بون لە کارکردن.

ئەو کچانەی کاریان دەکرد، باس لەوەدەکەن بە ئاگاییەکی زۆرەوە دەچونە سەر کار.

هۆزان حەمید، ٢٢ ساڵ، لە یەکێک لە هەفتە بازاڕەکانی کەلار کاردەکات، سەبارەت بە کارکردنیان لە کاتی کەرەنتینەی ماڵەوە دا، بۆ (نەوژین) وتی: لە کاتی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە کارمان دەکرد، ئیشەکەمان تاڕادەیەک قورس بو، چونکە بەریەککەوتنی زۆرمان هەبو.

وتیشی: تاڕادەیەک ترساوین هەمومان، ئەگەرچی ڕێکارە خۆپارێزیەکانمان بە بەردەوامی جێبەجێ دەکرد و لەلایەن خاوەنی بازاڕەکەشەوە هەمو شتێکی تەعقیم کردنمان بۆ دابین کرابو.

وەکو ئەو کچە کارمەندانە هێمای بۆ دەکەن، لەلایەک دڵخۆش بون بەوەی بەردەوامن لە کارکردن و پێداویستی هاوڵاتیان دابین دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە ترسیان لەوە هەبوە نەخۆشیەکەیان بۆ بگوێزرێتەوە.

دەریا ئیبراهیم، ٢٦ ساڵ، لە مۆڵێکی شاری کەلار کاردەکات، نەیشاردەوە کە کارکردن لەو بارودۆخەدا بۆیان ئاسان نەبوە، بەڵام سەرباری ئەوەش خۆشحاڵ بون لە ڕێگەی کارکردنیانەوە هاوکاری هاوڵاتیانیان کردوە.

ژوان حسێن، ٢١ ساڵ، لە مارکێتێک دا لە کەلار کاردەکات، ئاماژەی بەوە کرد بەوهۆیەی کاری مارکێتینگ ئەنجام دەدەن، بۆیە مەترسی گواستنەوەی نەخۆشیەکە لەسەریان هەبوە.

وتی: لە کاتی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کارکردن بۆ ئێمە قورس بو، چونکە یەکێک لە ڕێگە خۆپارێزیەکان ئەوەبو کە بەریەککەوتن نەبێت، لە کاتێکدا ئێمە ڕۆژانە بە دەیان کەسمان دەبینی.

یەکێک لەو مەترسیانەی کە کچانی کارمەند ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوەبوە تاچەند هاوڵاتیان پابەند دەبن بە ڕێکارە تەندروستیەکانەوە؟

هۆزان، لەوبارەوە وتی: «ئاستی تێگەشتنی خەڵکی لە بارەی نەخۆشیەکەوە کەمە و تەنانەت هەشە باوەڕی بە نەخۆشیەکە نیە».

ژوان-یش هێمای بۆ ئەوەکرد کە بەمەبەستی دڵنیابونەوە، لەو بازاڕەی کاردەکەن، تیمێکی خۆپارێزیان پێکهێناوە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە سەردانیان دەکرد، بۆئەوەی پێش چونەژورەوە پاکژ «تعقیم» بکرێن.

کارکردن لە هەفتە بازاڕەکاندا کارێکی ئاسان نەبو بۆ کچان، بەهۆی مەترسی بڵاوبونەوەی کۆرنا، هەربۆیە بەشێک لە مۆڵەکان بۆ ڕێگری کردنی زیاتر، سیستەمی گەیاندنی بێبەرامبەری کاڵا و پێداویستیەکانیان جێبەجێ کردوە.

دەریا ئیبراهیم، لەوبارەوە وتی: ئێمە کەمتر دەوامان دەکرد بۆ ئەوەی قەرەباڵغی دروست نەبێت، لەبەرامبەریشدا ڕێگەیەکی دیکەمان بەکارهێنا ئەویش گەیاندنی شتومەکەکان بو بە بێبەرامبەر، بۆ ئەوەی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە کەمتر بکەینەوە.

جەختیشیکردەوە بەوهۆیەی لە دەرەوە بون و کاریان دەکرد، هەربۆیە زیاتر لە هاوڵاتیان پابەندی ڕێنماییە تەندروستیەکان بون و کەرەستە خۆپارێزیەکانی وەکو دەمامک و دەستکێشیان بە بەردەوامی بەکارهێناوە.

کۆرۆنا نرخی زێڕی گران و کڕیاری کەم کردوە

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

جیاواز لە ساڵانی رابردو، ئەمساڵ (هودا) هیچ بڕە زێڕێکی نەکڕی، چونکە ئەو پارەیەی بۆ ئەو مەبەستە خستبویە لاوە، کەم بو بۆ کڕینی ئەو بڕە زێڕەی کە خۆی دەیویست.

کۆرۆنا کە وەکو پەتایەکی جیهانی مەترسیدار ناسێنرا و هەمو جیهانی خستە دڵەڕاوکێوە، هەر کاریگەریی تەندروستی لێنەکەوتەوە، بەڵکو کاریگەریی زۆری ئابوریی و دارایشی لێکەوتەوە. یەکێکیش لەو بوارانەی کە بەهۆی کۆرۆناوە زیانی پێگەیشت، بازاڕ و بواری زێڕە.

بەکاریگەری ئەو ڕەوشەی کە رویداوە، نرخی زێڕ لە بازاڕەکاندا زۆر بەرز بوەتەوە، ئەمەش وایکردوە ژنان نەتوانن بەپێی ئەوەی دەیانەوێت بیکڕن.

بەشێک لە ژنان باس لەوەدەکەن کە بەهۆی ئەم بەرزبونەوەیە، ناتوانن زێڕ بکڕن.

هودا، ٣٠ ساڵ، پارەکانی کۆکردەوە و دایناب‌و زێڕ بکڕێت، بەڵام بەهۆی گرانبونی نرخی زێڕەوە، ئەو کارەی بۆ نەچوە سەر.

وتی: «هەمو ساڵێک دەخیلەیەک دەکەمەوە بۆ ئەوەی پارەی تێدا کۆبکەمەوە بۆ کڕینی زێڕ، بەڵام ئەمساڵ بەو پارەیە نەمتوانی زێڕ بکڕم، بەهۆی گرانبونی نرخەکەیەوە».

بەرزی نرخی باج لە بۆرسەی جیهانی دا کاریگەری زۆری لەسەر نرخی زێڕ هەبوە، بەهۆی کاریگەری کۆرۆناوە ئەم بازرگانیەی بەرەو لێواری نەمان بردوە.

دلۆڤان دلێر، دوکانی زێڕەنگەری هەیە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: نرخی زێڕ بەشێوەیەکی زۆر بەرزبویەوە بەهۆی داخستنی فڕۆکەخانەکان کە کاریگەری لەسەر جیهان هەبو.

«ئاڵتونی عەیارە ١٨ لە ١٧٧ هەزار بوە ٢٣٨ هەزار، عەیارە ٢١ لە ٢٣٠ بوە ٢٧٠ و عەیارە ٢٤ لە ٢٤٢ بوە ٢٨٠ هەزار». (دلۆڤان) وای وت.

لەهەرێمی کوردستان دا نزیکەی ١٦٠٠ دوکانی زێڕەنگەری هەیە کە کڕین و فرۆشتن بە زێڕەوە دەکەن، ئەگەرچی ئەم وەرزە بە وەرزی کڕین و فرۆشتنی زێڕ ناودەبەن و ژنان زۆرتر تیایدا زێڕ دەکڕن، بەڵام ئەمساڵ وەک زۆر بواری تر، ئەم بوارەش جیاواز بو.

شیلان، ٣٢ ساڵ، باسی لەوەکرد ویستویەتی بۆ ئەم بەهارە تاقمێکی نوێی زێڕ بکڕێت، بەڵام ئەم خواستەی نەهاتە دی، بەتایبەتی کە بە کاریگەری کۆرۆناوە هەمو شت گۆڕا و «نەورۆز و بەهاریش هەر لەبیر نەمان».

بەپێی نرخی بۆرسەی جیهانی گومرکی هەرێم لەبەرامبەر کیلۆیەک زێڕدا ٣٠٠ دۆلار وەردەگیرێت، بەڵام ئەمساڵ چەند بازرگان و دوکاندارێک ئیفلاسیان کردوە.

ئاراس فوئاد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری زێڕەنگەرانی سلێمانی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: نرخی زێڕ بە بۆرسە لە ١٤٣٠ دینی بوە ١٦٣٠ دینی، بەرزی ئەم نرخەش بوە هۆی ئەوەی هەندێک لە دوکاندارەکانی زێڕ زیانێکی زۆر بکەن و دوکانەکانیان هەڵگرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قەرزاری زۆر بون.

ژنانی پزیشک و کارمەندی تەندروستی بەڕوی کۆرۆنادا دەوەستنەوە

▪ نەوژین، ئامینە محەمەد

لەکاتێکدا زۆرینەی هاوڵاتیان لە ماڵەکانیان دا بون بەهۆی ڕێکارەکانی کۆرۆنا، بەڵام (هێرۆ) بەردەوام بو لە دەوامکردن، ئەو لە یەکێک لە هەستیارترین شوێنەکاندا دەوامی دەکرد، کە بەشی چارەسەرکراوانی کۆرۆنایە.

ئەگەرچی زۆرینـــەی دەزگا حکومیەکان بەکاریگەریـی ڕێکارەکانــی خۆپارێـزی کۆرۆنـا دەوامیـان ڕاگیـرا، بـەڵام بەپێچەوانەوە لە دەزگا تەندروستیەکاندا دەوامکـردن بـەردەوام بـو، لەنێو ئەو دەزگایانــەش دا ژنــان ڕۆڵ و ئامادەیی بەرچاویان هەبوە.

ژنانــی کارمەند لە کەرتی تەندروســتی، ئاماژە بـۆ ئەوەدەکەن لـەم ئەرکەیاندا ئاســتەنگیان هاتوەتــە پێــش، بــەڵام سەرباری هەمو شتێک دڵخۆش بون بەو ڕۆڵەی دەیگێڕن.

هێرۆ ئەحمەد، کارمەندێکی تەندروستیە لــە بەشــی چارەســەرکردنی تایبەت بە کۆرۆنــا لە کــەلار، بــۆ (نەوژین) وتی: خۆشبەختانە تائێســتا هیچ حاڵەتێکی کۆرۆنامــان نیە، بەڵام هەر نەخۆشــێک داخــڵ بکرێــت حســابی توشــبوی بـۆ دەکەیــن، تــا ئــەو کاتــەی ئەنجامــی پشکنینەکانی بۆ دەرئەچێت.

ئەم خاڵە وایکردوە (هێرۆ) و هاوڕێکانی بــە وریاییــەوە مامەڵە بکــەن «دەبێت حــەزەر وەرگریــن و مەترســی زۆرمان لەســەرە، چونکــە ئێمــە بەرکەوتــەی یەکەمین».

ســەرباری ئــەم مەترســیانەش، بــەڵام (هێرۆ) دڵخۆشــە بەو ڕۆڵەی دەیگێڕت، وەکخــۆی وتــی: «خزمــەت کــردن بە هاوڵاتیان مایەی شانازییە».

ئەگەرچــی پیشــەکەیان پێخــۆش و تەنانــەت لا پیرۆزیشــە، بەڵام بەشــێک لــە ژنانــی کارمەنــد نایشــارنەوە کــە بەهۆی پەیوەندی ڕاســتەوخۆیان لەگەڵ نەخۆشــەکان دا، مەترسی گواستنەوەی نەخۆشیەکەیان لەسەربوە.

فرمێســک کەریــم، کارمەنــد لــە نەخۆشــخانەی فریاکەوتنــی کــەلار، بــۆ (نەوژیــن) وتــی: بەهــۆی ئــەوەی تائێســتا هیچ پێکوتەیەکــی تایبەت بە نەخۆشییەکە نیە، بۆیە ئێمەش بێبەریی نین لە هەر زیانێکی ڤایرۆسەکە.

کەوسەر فەریق، هاوکارێکی (فرمێسک)ـە و لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەوام دەکات، جەخــت لــە بونــی مەترســی تەندروستی لە پیشەکەیان دەکاتەوە.

وتــی: هیچ دڵنیا نیــن لەو کەلوپەلانەی کــە پێمــان دەدەن لــە کاتــی دەوام، چونکــە بەڕێکی ئــەو جلانە ناپۆشــین کــە لەبەری دەکەین بۆ خۆپاراســتن لە نەخۆشی کۆرۆنا.

(هێــرۆ)ش بــاس لــەوەدەکات کە ئەو ڕێکارانەی دانراون پارێزراو نین، چونکە وەکخــۆی هێمای بۆ کرد «بەرکەوتنمان لەگــەڵ نەخۆش دا زۆرە بەهۆی نەبونی شوێنی گونجاوەوە».

ڕەنگە مەترسیەکان بۆ ئەو کارمەندانەی لە بەشی تاقیگە کاردەکەن، زیاتر بێت.

ئەم خاڵــە کارمەندێکی تاقیگە جەختی لێدەکاتەوە.

جوان ساڵح، وتی: زیاتر لە هەمو کەس مەترسیمان لەسەرە، بەهۆی وەرگرتنی سامپڵ و نزیک بونەوە لە نەخۆش.

هاوشــێوەی کەرتی گشــتی، لە کەرتی تایبەتی تەندروســتیش دا ژنان ڕۆڵیان بینیوە.

چیا محەمــەد، کارمەندی تەندروســتی لــە شــاری پزیشــکی گەرمیــان، وتی: وەک هەر نەخۆشخانەیەکی تر، ئێمەش بەهۆی قەرەباڵغی و هاتنی نەخۆشــەوە مەترســیمان لەســەر بــوە، بــەڵام بەگرتنەبــەری ڕێنمایــەکان ســەرکەوتو بویــن و دڵخۆشیشــیم لــەم ماوەیــەدا هاوکاری نەخۆشەکانمان کردوە.

هاوشــانی کارمەندانــی تەندروســتی، ژنانی پزیشــکیش ڕۆڵیان لەم ماوەیەی بڵاوبونەوەی کۆرۆنادا هەبوە.

د. ســەنا ڕەشــید، پزیشــکی ژنــان و منداڵبــون لــە نەخۆشــخانەی شــەهید شــێرەی نەقیب لە کەلار، بۆ (نەوژین) وتــی: جگــە لــەوەی لــە نەخۆشــخانە یارمەتــی و ڕێنمایــی بەردەوامــان بە نەخۆشــەکانمان داوە، لە ماڵیشەوە لە ڕێگــەی تەلەفونــەوە یارمەتــی ژنانمان داوە، بەتایبەتــی کــە بەهۆی قەدەغەی هاتوچــۆوە نەیاندەتوانــی ســەردانی پزیشک و نەخۆشخانەکان بکەن.

بەشــێک لە کارمەندان نیگەرانن لەوەی زۆرجار لەلایەن هاوڵاتیانەوە کارەکانیان بەهەند وەرناگیرێت.

جــوان، لەوبــارەوە وتــی: زۆر مانــدو دەبیــن، بــەڵام بەداخــەوە هەندێــک لە خەڵکی ڕێز لــە کارەکانمان ناگرن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا چەندین قسەی ناخۆش دەبینین و دەبیستین.

بــەڵام وادیــارە هەمو ئەمانــە نەبونەتە هــۆی ئەوەی ئــەو کچانە لــە کارکردن سارد بکەنەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی هاوڵاتیــان لە ماڵەکانیان دا بون، ئەوان بەپێــی خشــتەی دیارییکــراو دەوامــی خۆیان کردوە.

فرمێسک، لەوبارەوە وتی: زۆر دڵخۆشم بــە کارەکــەم، چونکــە هاوکاریکردنــی کەسی بەرامبەرە کە ئەویش نەخۆشە.

> **هەندێک لە خەڵکی ڕێز لە کارەکانمان ناگرن**

ژنان لە کەرەنتینەی ماڵەوەدا بەهرەکانیان پەرەپێدەدەن

▪ نەوژین، خۆشبین جەلال

(سنور) حەز و خولیایەکی زۆری بۆ وێنەکێشان هەبو، بەڵام بەهۆی نەبونی کات و سەرقاڵی بە کارکردنەوە، هەرگیز ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە کە پەرە بەو حەزەی بدات و وێنە بکێشێت، بەڵام کەرەنتینە ئەو دەرفەتەی پێدا.

بەشــێکی ژنــان ئامــاژە بەوەدەکــەن مــاوەی مانەوەیــان لــە ماڵــەوە بەکاریگــەری بڵاوبونــەوەی کۆرۆنــا کە بــە «کەرەنتینەی ماڵەوە» ناســراوە، قۆســتوەتەوە بــۆ بــرەودان بــەو حەز و ئارەزویانــەی هەیانبــوە، یــان بــۆ بەهێزکردنــی ئەو بەهرانــەی کە هەیانە و لە ڕابــردودا دەرفەتیان نەبوە گرنگی ئەوتۆی پێبدەن.

ســنور ئەحمەد، ٢٩ ساڵ، کارمەندە لە ڕێکخراوێکــی مرۆیی، بــاس لەوەدەکات بەهۆی سەرقاڵی لەکارەکەی دا هەرگیز ئەو هەلەی بۆ نەڕەخســاوە کە پەرە بە بەهرەی وێنەکێشــانی بدات، بەڵام ئەم ماوەیــەی کە لە ماڵــدا بوە، دەلاقەیەک لەسەر ئەو بەهرەیەی کراوەتەوە.

وتــی: ئــەو ماوەیەی بەهــۆی کۆرۆناوە لەماڵــەوە بویــن، کاتێکــی زۆر باش بو بــۆ من و گرنگیــی زیاترم بــە بەهرەی وێنەکێشــان دا، بەشــێوەیەک زۆرینەی کاتە بەتاڵەکانم بە وێنەکێشــان بەسەر برد.

ســنور، هــاوکات ئــەم کارەیشــی بەکارهێنــاوە بۆ کەمکردنەوەی فشــارە دەرونیەکان کەبەهــۆی کەرەنتینەکەوە زیاتر دەبن «لە ڕێگەی وێنەکێشــانەوە شڵەژانە دەرونیەکان کەم دەبنەوە».

هەندێک لە ژنان ســەرقاڵییان بە خێزان و کارەکانیــان، دەرفەتــی ئــەوەی بــۆ نەڕەخســاندون بتوانــن بەهــرەی نــوێ فێربــن، بــەڵام بونــی ئەو هەمــو کاتە بەتاڵەیــان بەکارهێناوە بۆ برەودان بەو بەهرە نوێیانە.

زریــوە یونــس، ٣٠ ســاڵ، کارمەنــدی دانیشــتوی کــەلار، لــە نمونــەی ئــەو ژنانەیە.

ئەو ســەرباری ئــەوەی هاوســەرگیریی کردوە و خاوەنی دو منداڵە، لەپاڵ ئەوەی گرنگی بە خێزانەکەی دەدات، لەم کاتی کەرەنتینەیــەدا برەوی بەو حەزەی داوە کە بۆ ئیشی دەست هەیبوە، بەتایبەتی دیزاینکردنی مۆم.

وتی: حەزم لەدیزاینکردن و دروستکردنی مۆمە، ئەم ماوەیە دەرفەت بو بۆ ئەوەی بەباشــی ئــەو کارە فێر بــم، بۆ ئەوەی بتوانــم لــە داهاتــودا پــەرەی زیاتــری پێبدەم.

ڕەنگــە ئەگــەر بپرســین دیارتریــن ئەو پیشــانەی کــە ژنــان دەیانزانــن چیە؟ ڕاســتەوخۆ وەڵامەکان درومان و چنین و کاری دەســتی بــن، بەڵام ســەرباری ئــەوەش ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان هەن کە لەو بەهرانەدا زۆر شارەزا نین، بۆیە ئــەوان ئەم ماوەیەیان قۆســتوەتەوە بۆ فێربونی ئەو پیشانە.

هاونــاز بەکــر، ٣٣ ســاڵ، دانیشــتوی کــەلارە، باســی لەوەکــرد خوشــکە گەورەکــەی بەرگــدورە و کاری درومان و چنیــن دەکات، ئەویــش زۆر حــەزی لێبــوە و ئەم ماوەیــە بوەتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی فێری ئەو پیشەیە بێت.

وتــی: «بەنیــازم منیش لەپاڵ ئیشــی ڕۆژانــەم دا، لەداهاتــودا گرنگــی زیاتر بەکاری درومان بدەم».

هەندێــک لــە ژنــان ئــەم ماوەیــەی کەرەنتینەی ماڵەوەیان تەرخانکردوە بە کارێلێــک، کە ژنــان زۆر کەمتر خۆیان لێداوە.

لانــە خەلیــل، ٢٨ ســاڵ، دانیشــتوی کــەلارە، ئــەم ماوەیــە خۆی بــە کاری کشتوکاڵەوە سەرقاڵکردوە.

ئــەو بۆ (نەوژین) وتــی: وەک حەزێکی خــۆم و ئەزمونێکــی تــازە، بەشــێکی بچوکــم لەباخچەکەماندا کردوە بە کێڵگە و چەنــد شــەتڵێکی (تەماتــە، ترۆزی، باینجان و بیبەر)م تێدا چاندوە و ڕۆژانە چاودێریان دەکەم و ئاگام لێیان دەبێت.

دەمامک و جلی پزیشکی دروست دەکەن و بێبەرامبەر دەیبەخشن

■ نەوژین، زریان محەمەد

لەنێو هۆڵێک دا، ژمارەیەک کچ سەرقاڵی کارەکانیانن، بە کارامەییەوە ئەو کەرەستانەی لەبەردەستیانە بەکاری دێنن و بەرهەمی پزیشکی پێ دروست دەکەن.

ئەو ژمارە کچە، لە رێگەی رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانیەوە لەناحیەی رزگاری، دەستیان بە پرۆژەیەک کردوە بۆ دروستکردنی دەمامک و کەرەستەی خۆپارێزیی پزیشکیی، دواتریش بەسەر هاوڵاتیان و ئەو لایەنانەی پێویستیانە، دابەشی دەکەن.

ئەو کچانەی بەشدارن لەو پرۆژەیە، باس لەوەدەکەن کە دەیانەوێت لەو رێگەیەوە خزمەتێک بگەیەنن.

پەرواز ئەحمەد، یەکێک لە ئەندامانی تیمی کچانی خۆبەخش لە رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی لەگەرمیان، لەبارەی کارەکەیانەوە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: تیمێکی کچانی خۆبەخشین بۆ ماوەی ١٠ رۆژە دەستمان کردوە بە دروستکردنی دەمامک و جلی پزیشکی بۆ هێزە ئەمنیەکان و هاوڵاتیانی گەرمیان بەمەبەستی خۆپاراستنیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئامانجیشمان ئەوەیە کە خزمەتێک بە ناوچەکەی خۆمان بکەین.

شێوازی کارەکانی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە کە پێداویستیەکانی لەلایەن رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانیەوە دابین دەکرێت و ئەو کچانەش هەڵدەستن بە دورین و دروستکردنی.

پەرواز، لەمبارەوە وتی: رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی کەرەستەکانی کارەکەی بۆ دابین کردوین و خۆمان دەیدورین.

بەشێک لە بەشدارانی ئەو پرۆژەیە، خۆیان پیشەی بەرگدوری و خەیاتی دەکەن، ئەم ماوەیەی کەرەنتینە لە بری مانەوە لەماڵەوە، تواناکانی خۆیان لەم پرۆژەیەدا خستوەتەگەڕ.

بەمۆ زەید محەمەد، یەکێکی تر لە ئەندامی تیمی کچانی خۆبەخش لە رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی لە گەرمیان، دەڵێت: «ئێمە خۆمان کاری خەیاتی دەکەین لە ماڵەوە، ئێستا بە هاوکاری رێکخراوی هاوکاری هەستاوین بە کاری دروستکردنی دەمامک و جلی پزیشکی بۆ هاوڵاتیان و هێزە ئەمنیەکانی ناوچەکە».

ئەو کچە بەرگدورە ئاماژەی بەوەشکرد رێکخراوەکە پێشتر خۆی ئەو دەمامک و پێداویستیانەی دەکڕی و دابەشی دەکرد، بەڵام دواتر بڕیاری دا هەر خۆی لە رێگەی ئەو تیمە کچەوە کەرەستەکان دروست بکات «پێشتر خۆیان پێداویستیە خۆپارێزیەکانیان دەکڕی بۆ ناوچەکە، دواتر گۆڕیان بەمەی ئێستا».

ئەو کارەی کە ئەو کچانە پێی هەڵدەستن، بوەتە مایەی خۆشحاڵییان، بەشێوەیەک کە خۆیان بە بەشدار دەزانن لەو هەوڵانەی هەیە بۆ بەرگرتن بە بڵاوبونەوەی کۆرۆنا لە سنورەکەدا.

بەمۆ، لەو روەوە وتی: دڵخۆشین بەم کارەی کە دەیکەین، خۆشحاڵ دەبین کچانی تر هەبن و بەشداری ئەم جۆرە کارانە بکەن، بۆ ئەوەی جێدەستمان دیار بێت لە ناوچەکەماندا.

ئەو پرۆژەیە لە دو بەش پێکهاتوە، بەشی دروستکردن و بەرهەمهێنانی کەرەستە و بەرهەمەکان، بەشی دابەش کردن.

پەرواز ئەحمەد، هێمای بۆ ئەوە کرد: «ئێمە تەنها کاری دورین و ئامادە کردنی دەکەین، تیمێکی دیکەمان هەیە دابەشی دەکات».

بەمۆ-ش ئاماژەی بەوەکرد تیمەکانیان کەرەستەکان بە زۆربەی ناوچەکەدا دابەش دەکەن.

> ئامانجمانە خزمەتێکی ناوچەکەمان بکەین

رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی، کە ئەنجامدەری پرۆژەکەیە، باس لەوەدەکات کارەکەیان تاڕادەیەکی باش جێگەی گرتوە.

سلێمان ئەنوەر، سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «رێکخراوی هاوکاری سەرپەرشتی پرۆژەی دروستکردنی دەمامک و پێداویستیەکانی تری خۆپارێزی دەکات لە ناحیەی رزگاری، بە تیمێکی کچانی خۆبەخش کە لە نێوان ٧ بۆ ١٠ کچ دەبن».

> بەشداریکردنی ئەو تیمە کچە بەرز دەنرخێنین

باسی لەوەشکرد: ئامانجمان ئەوەیە کە خزمەتیکی ناوچەکە بکەین و هاوکارێکی باشبین بۆ ئەو هێزانەی کە لە سەر شەقامەکانن، هەروەها بۆ ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی کە بە بەردەوامی لە کاردان بۆ روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

سەبارەت بە رۆڵی کچان و بەشداریکردنیان لەو پرۆژەیە، (سلێمان ئەنوەر) وتی: «بەشداریکردنی ئەو تیمە و کچان بە گشتی بەرز دەنرخێنین کە بە بەردەوامی لەگەڵمانن بۆ هەر کارێک کە بمانەوێت ئەنجامی بدەین».

تابلۆی شێوەکار: گوڵاڵە حەمید

گەرمیان بەسەر کۆرۆنادا سەرکەوت